کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
22-5-2007 18:24بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کێشەی کۆمەڵگا کچانی قەیرەیە یان خێزانی قەیرەیە؟ ... نەجیبە عومەر

لەکۆمەڵگای ئێمەدا سەرجەم کێشە سیاسی و ئابووریی و فکرییەکان ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کێشە کۆمەڵایەتییەکان داناوە، هەربۆیە کێشە کۆمەڵایەتییەکان گەورەترین گرێکوێرەن و ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو چەقبەستبوون دەچن. هەموو هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەچوارچێوەی ئەقڵیەتێکی کلاسیك و داب و نەریتی باودا دەخولێتەوە. یەکێك لەو کێشانە کە ماوەیەکی زۆرە لەناو خەڵکدا گفتوگۆیی لەسەر دەکرێت و جار جار لەسەر ڕووپەلی ڕۆژنامەکاندا هەڵسەنگاندنی لەسەر دەکرێت، ئەویش زیادبوونی ژمارەی ئەو کچانەیە کە نەچوونەتە ناو ژیانی هاوسەرێتیەوە، پێیان دەگوترێت (قەیرە کچ). وشەی (قەیرە) بەو واتایەی ماوەتەوە یان لەدواوە جێماوە دێت، یان لە ژیانێکی کۆندا ماوە. ئەم وشانە بەپێی پێودانگ و داب و نەریتە باو و کلاسیکییەکانی کۆمەڵگایە تا ڕۆژی ئەمرۆش بەردەوامە. بێگومان بەکارهێنانی ئەم وشەیە سوکایەتی کردنە بەکچان و یەکێکە لەو جیاکاریانەی کە لەبەرامبەر ژنان بەرێوەدەبرێت. باشە بۆ دەبێت ژیانکردن لەگەڵ پیاودا بسەپێنرێت؟ باشە بۆ دەبێت ژیانکردن لەگەڵ پیاودا بەژیانێکی نوێ دابنرێت؟ یان ئەگەر لەگەڵ پیاودا نەژیا ئەوا بەجێماوە؟! ئایا لەژیانی هاوسەرگیریدا ژیانێکی نوێ دەستەبەر دەبێت؟ ئەگەر وەڵامەکەی بەڵێیە! باشە بۆچی ژمارەیەکی زۆری ئەو ژنانەی خۆیان دەسوتێنن و دەکوژن ئەو ژنانەن کە بەمێردن و خێزانیان دروست کردووە، هەندێکیان تازە دەکەونە ناو ئەو ژیانە بەناو نوێیەدا، کەچی ئاگر لەجەستەی خۆیان بەردەدەن و خۆیان دەکەنە کۆڵ و دوای دەڵێن ئەم ژیانە پێشکەش بە ئێوە ئەی پیاوانی زۆردار و نەزان و خۆپەرست و منیش مردن لە جیاتی ژیانی کۆیلایەتی هەڵدەبژێرم. ڕۆژانە چەندین ژن ئاگر لەم ژیانە بەناو نوێیە بەردەدەن.

بێگومان ژمارەیەکی زۆریش ئەم ژیانە بەردەوام دەکەن، بەڵام بەپێی ئەو لێکۆڵینەوە بابەتی و زانستیانەی ئەنجامدراون و زۆرجار ژنان لەژێری فشاری داب و نەریتە باوەکانی ئەم کۆمەڵگایەدایە بەردەوامی بەو ژیانە دەدەن، بەرێژەیەکی بێ سنور لەبەر باڵادەستبوونی هەستی دایکایەتی و بەرپرسیارێتی بۆ منداڵەکانی یان لەزۆر حاڵەتدان بەهۆکاری نەبوونی ئابووری لەدەست ژناندا، ئەم هۆکارانە دەبنە هۆی ئەوەی کە ژنان بەبەردەوام ملکەچی درێژکردنەوەی ژیانی خێزان بن.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە کە بنگەی درووستبوونی خێزان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتایی ئاوابوونی سیستەمی کۆیلەداری (پیاو سالارییە) . واتا خێزان لەسەر بنەما پێوانەکانی کۆیلەداری درووست بووە، خێزان بچووکراوەی دەزگای دەوڵەتی کۆیلەدارییە کە بەپێی خواستن و داخوازییەکانی سیستەمی پیاوسالاری ئاواکراوە. لەم دەزگایەدا پیاو دەسەڵات و زۆردارە و ژن بێ زمان و خزمەتکارە. لەدەزگایەکی وەهادا تاکی کۆیلە و بێ ئیرادە درووست دەبێت، تاکەکانی یەکتری پێش ناخەن، بەڵکو یەکدی دەبەستنەوەو یەکتر بێ هێز دەکەن. لەجیاتی پێشخستنی ژیان، ژیان لەپەلوپۆ دەخەن، بێگومان لەگەڵ پێشکەوتنە یەك لەدوای یەکەکانی قوناخەکانی مرۆڤایەتی گۆڕانکاری لەزۆر لایەنەوە درووست بووە، بەڵام ئەوەی زۆر کەم گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، دەزگای خێزانە.

هەتا ڕۆژی ئەمرۆش تاکەکانی کۆمەڵگا بەناچاری ژیانی خێزانی درووست دەکەن، یان بنەمایەکی ڕاستەقینە نییە، بۆ هەڵبژاردنی یەکتری، ئەو تاکانەی کە خێزان درووست دەکەن دەرفەتی یەکترناسینیان لەسەر بنەمایەکی زانستی و فکری نییە، لەکۆمەڵگا کلاسیکییەکانەوە بگرە، هەتا کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانیش. لەکۆمەڵگاکەماندا جێگەی هەرە پێشکەوتوو زانکۆ و پەیمانگاکانن، واتا لەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

جێگەیەی کە توێژی خوێندەواری تێدایە، لەهەموویاندا پێکەوەنانی خێزان بەرێککەوت (تێادف) دروستدەبێت، زۆرجار کچان و کوران هەوڵدەدەن پێش دروستکردنی ژیانی هاوسەرگیری ئەو دوو تاکە پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت. واتا پەیوەندییەکی یەکتر ناسین یان پەیوەندییەکی سۆزدارییی. بەڵام لەپراکتیکدا دەرکەووتەوە بەرێژەیەکی زۆر لەو خێزانانەی کەپێشتر کچ و کورەکە پەیوەندییان بووە، ئەوانیش خاوەن خێزانێکی دارووخاون و ناتوانن باوەڕی بەیەکتری بکەن و زۆربەی زۆریان بەهۆکاری بێ باوەڕبوون بەیەکتری لەیەك جیادەبنەوە.

ژمارەیەکی زۆر لەکچان تا ماوەیەکی زۆر چاوەڕوانی ئەوە دەکەن، تابتوانن کەسێك بدۆزنەوە لەگەڵیاندا گونجاو بێت یان ناخوازێ رووبەڕووی ژیانێکی شکست ببێتەوە و بێ بەرنامە و پرۆژە بچنە ناو ئەم ژیانەوە. ئەمانەش لە ئەنجامدا رووبەرووی مانەوە دەبنەوە.

لێرەدا دەپرسین، کام کچانە درنگ دەکەون لەپێکهێنانی ژیانی هاوسەری، یان هیچ خێزان دروست ناکەن؟ ئەو کچانەی کە هەندێك هۆشیارن یان ئەو کچانەی کە فەرمانبەرن؟ یانیش ئەو ژنانەی کە زوو بەزوو ناچەوسێنرێنەوە؟ بێگومان مەبەستم لەوە نییە کە هەر ژنێك لەدەرەوە کاری کرد هۆشیارە، بەپێچەوانەوە زۆرجار ژن لەدەرەوە کاردەکەن، بەڵام ئاتاستێکی زۆر ناووشیارن، ئەمەش کێشەیەکی ترە. چونکە ئەو ژنانەی کە ووشیارن لای پیاوان ئەم ژنانە سەرنج راکێش نین. ئەمەش لە بەر ئەوەی زوو بەزوو چەوسانەوە پەسەندناکەن. لێرەدا مەبەست تەنها لەپیاوە ناووشیارەکان نییە، پیاوە بەناو رۆشنبیرەکانیش بەهەمان شێوە بیردەکەنەوە. ئەگەر ژنێکی ووشیاریشیان لاپەسەند بێت، ئەوا بۆ ئەوەی لەخزمەتی خۆیاندا بەکاربهێنن. زۆر بەئاشکرا ئەوە دەبینین کە ئەو ژنانەی خاوەن توانستن کەمیان هەبێت لەگەڵ پیاواندا بتوانن بژین، ئەگەر خێزانیشیان دروست کردبێت، لەئەنجامدا رووبەڕووی جیابوونەوە دەبنەوە، چونکە ئەمجۆرە ژنانە لەسایەی سێبەری خێزانی کلاسیك و پیاودا ناتوانن تواناکانیان بخەنە گەڕ.

بۆ ئەو ژن و کچانەی کە فەرمانبەرن و لەدەرەوە کاردەکەن، زوو ناتوانن ژیانی خێزانی دروست بکەن. چونکە کەمتر لەماڵەوەن و وەك دیاردەیەك کە پەرەی سەندووە، کچانی ماڵەوەن. هەتا ئاستێکیش کچانی مامۆستا زووتر خێزان دروست دەکەن، تائەو کچانەی کەفەرمانبەرن لەدەزگا حکومییەکاندا، بۆچی؟ لە بەر ئەوەی کچانی مامۆستاش سێ مانگی هاوینە پشوویان هەیە و لەپشووەکەدا دەتوانن زیاتر خزمەت بەماڵ و پیاو بکەن. وەکو لەسەرەوە باسمان کرد. یەکێك لەبنەماکانی خێزان ئەوەیە کە ژن خزمەتکاربێت تێیدا، زۆر جاریش کچان لەسەر داخوازی پیاوەکانیان دەستبەرداری کارەکانیان دەبن. ئەوەش راستییەکە ئەمرۆ ئەگەر ژنی ماڵ جارێك بچەوسێتەوە، ئەوا ئەو ژنانەی کە فەرمانبەرن، لەوانەیە لەلایەکەوە چوونە دەرەوەیان وەك نیمچە ئازادییەك بێت، بەڵام دووجار دەچەوسێنرێنەوە، چونکە چەندە کاری دەرەوەش بکەن، ئەوا وەك ئەرکێکی ئەساسی پێویستە کارەکانی ماڵەوەش بکەن کە پیاوان خۆیان لێ بەرپرسیار نابینن. بەپێی داب و نەریتی باوی کۆمەڵگا شەرمەزارییە بۆ پیاوان ئەگەر کارەکانی ناو ماڵ بەهاوکاری لەگەڵ ژناندا بکەن. لەخێزانێکی بەم شێوەیەدا کە ژنان سەرەڕای چەوسانەوەی جەستەیی رۆژانە رووبەڕووی سوکایەتی پێکردن و چەوسانەوەی رۆحی و دەروونی دەبنەوە. ئایا لە دەرئەنجامی ئەمجۆرە رەفتارانەدا دەبێت تاکێکی چۆن ئاوا ببێت؟.

بۆ زیاتر زانیاریش لەراپرسییەکدا کە کراوە، لەناو ئەو کچانەی کە مێردیان نەکردووە، رێژەیەکی زۆریان دەڵێن:"ئەگەر لەکۆمەڵگادا، رەوا ببینرێت، کچان بەتەنیا ژیان بکەن، دوور لەهەر قەید و بەندێکی خێزان، ئەوا ئێمە ئەو ژیانە هەڵدەبژێرین و لەگەڵ پیاودا ژیان ناکەین". پێموایە لەکۆمەڵگایەکی وەهادا کە رۆژ بەرۆژ داب و نەریتە باوە کلاسیکییەکان زاڵتر دەبن، ئەوا کچان ئەو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ژیانە تەنیاییە هەڵبژێرن باشترە. لەوانەیە هەندێك بڵێن ئەگەر کچان هەموویان خێزان دروست نەکەن، ئەوا نەوەی نوێ کەمدەبێتەوە، بە رای من نەوەی لەم جۆرە نەبێت زۆر لەوە باشترە کە ژن لەبچووکترین مافی ژیانی بێ بەشەو کاتێکیش دەبێتە دایك گەورەترین ئەرك دەکەوێتە سەر شانی. چۆن ژنێك بۆخۆی رەوا دەبینێت تاکێکی ئیفلیج و بێ ماف بئافرێنێت؟! گەورەترین هەڵەش ئەوەیە کە تۆ تاکێکی کۆیلە و ناووشیار کە هیچ مافێکت بۆ دابین نەکردووە، بئافرێنیت. نەوەیەکی بەجەستە تازە بەڵام بەفکر و مێشك پیر و بەکولتوور کلاسیك. بێگومان رۆژانە لێرە و لەوێ هەندێك لەپیاوە بەناو ئاینییەکان دەڵێن بابە رێکخراوەکانی ژنان زۆر نا واقعیانە بیردەکەنەوە، بیر لەکچانی قەیرە ناکەنەوە، دەڵێن بافرە ژنی قەدەخە بکرێت، یان دەڵێن کچانی قەیرە لەگەڵ ئەوەدان فرە ژنی هەبێت. روون و ئاشکرایە ژمارەیەکی زۆر لەپیاوان لەخزمەتی تێرکردنی غەریزەکانیان کە تادوا رادە ژنان وەك کاڵا دەبینن و بەکاڵایەك و دوو کاڵاش تێرنابن و پیسترین و چەپەڵترین سیاسەتیش لەسەر ژنان بەڕێوەدەبەن. لەهەمانکاتیشدا هێندە تەڵەکەبازن مەرام و نیازەکانی خۆیان وەك داخوازی ژنان بەناودەکەن. لەئەنجامی هەموو ئەم راستیانەدا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە بەراستی کۆمەڵگاکەمان کۆمەڵگایەکی کلاسیك و لەسەر بنەمای زهنیەتی پیاوسالاری بەڕێوەدەچێت. خێزان وەکو دەزگایەکی کۆن هیچ چاکسازییەکی تێدا نەکراوە و بۆتە بیرێکی بێ بن بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی بۆ ژنان.

بۆیە کۆمەڵگاکەمان پێویستی بەشۆڕشێکی کۆمەڵایەتی هەیە، تا بتوانێت گۆڕنکارییەکی بنگەیی لەخێزاندا ئاوا بکات. ئەویش بەگۆڕانکاری لەزهنیەتی تاکەکانی کۆمەلگادا بەدیدێت، چونکە هەتا ئەو ئەقڵیەتە کۆتایی نەیەت کە ژن وەکو پلە دوو و ناموس و کاڵا و وەیان تەنیان بۆ تێرکردنی غەریزەکانی پیاو دەبینێت و هەتا ژن خۆی نەبێتە خاوەن ئیرادە و ووشیار نەبێتەوە و لەبەرامبەر مافە مرۆییەکانی و هەست بە ئەرکە گرنگەکانی خۆی نەکات و هەتا زۆردار و سەردەستی پیاو تێنەپەڕێنرێت و هەتا یاساکانی خێزان و کۆمەڵگا چاکسازی تێدا نەکرێت، ئەوا ناتوانین باس لەپێشەکەوتن و گۆڕانکاری لەکۆمەڵگادا بکەین. بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەگەڵ خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەیەکی زانستیانە بۆ کۆمەڵگا و خێزان و تاك، پێویستە هەموو ژنان و کچان بگەنە ئەو راستییەی کە ئەم کێشانە بەبێ بەرێکخستەکردنمان و بەگەڕخستنی تواناکانمان چارەسەر ناکرێن.

دەمەوێت ئەمەش بڵێم کە هەمیشە دەسەڵات، بەرژەوەندی خۆی لەبەردەوامکردنی کۆمەڵگایەکی کلاسیکدا دەبینێتەوە و هیچ کاتێك پشتیوانی لەگۆڕانکاری ناکات. بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان هاوپشتیوانی لەکۆنەپارێزی و قوڵکردنەوەی داب و نەریتە کلاسیکییەکان دەکەن، ئەوەتا بەبەرچاوی هەموو دونیاوە، پشتیوانی لەپیاوە ژنکوژەکان دەکەن. هەر بۆیە ئەو رێکخستنە ژنانەی کە ئاوا بکرێت، پێویستی بەکۆمەڵە ژنانێکە کە پێشەنگایەتی بکەن کە لەهەموو داب و نەریتێکی باوی دەسەڵات و کۆمەڵگا و خێزان خۆیان دابڕاندبێت. هەتا هیچ قەید و بەندێکی کۆنەپارێزانە و فشارەکانی دەسەڵاتی پیاوسالاری نەیانبەستێتەوە، تاوەکو بتوانن ریفۆرمێکی بنگەیی لەخێزان و کۆمەڵگادا درووست بکرێت، خێزان و کۆمەڵگا لەقەیرەبوون رزگار بکرێ و خێزانێکی دیموکرات و هاوسەنگ بونیاد بنرێت.  لەرۆژی ئەمڕۆدا ئێمەی ژنان بەهەموو کچان و دایکانەوە پێویستیمان بەخۆ رێکخستن بە شێوەیەکی تۆکمە هەیە، ئەمەش بەپشت ئەستووربوون بەفکر و ئایدیۆلۆژیایەکی هاوچەرخانە دەستەبەردەبێت، ئەرکی سەرشانمانە کار بۆ بەرپاکردنی شۆڕشێکی کۆمەڵایەتی چاکسازییەکی بنگەهی لەخێزاندا بکەین. بێگومان ئەم کارە بەپێشەنگایەتی ژنان جێ بەجێ دەبێت، بەڵام پێویستە هەموو چین و تۆیژەکانی تریش بخاتە گەڕ بەپیاوان و لاوانەوە..

nejebaomer@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.